بێدەنگیی و کۆکوژیی

ئامادەکردنی: حەمە کاکەڕەش

سوید

2008

ناوی کتێب: بێدەنگیی و کۆکوژیی

ئامادەکردنی: حەمە کاکەڕەش

بەشداربووان: مەریوان وریا قانیع، چۆمان هەردی ، کاروان عومەر کاکەسوور،ڕێبین هەردی ، نەزەند بەگیخانی، کازیوە ساڵەح، ئەنوەری ڕەشی عەولآ، خالد سلێمان.

ساڵی چاپ: 2008

وێنەی بەرگ: ڕێبوار سەعید

چاپ:

ژمارەی سپاردن

ئەم گفتوگۆیە یەکێکە لە گفتوگۆیەکانی کتێبی (بێدەنگیی و کۆکوژی) کتێبی بێدەنگیی و کۆکوژیی کۆمەڵێک گفتوگۆیە لەگەڵ چەند نووسەرو ڕۆشنبیرێک دا بۆ قسەکردن دەربارەی کارەساتی ئەنفال، لەمرۆژانە دا کتێبی(بێدەنگیی و کۆکوژیی) دەکەوێتە بەر دیدەی خوێنەران، بەچاکم زانی لە 20 هەمین ساڵ وەگەری کارەساتی ئەنفال هەر جارەو یەکێک لە گفتوگۆکان بیخەمە بەردیدەی خوێنەران. ......**حەمە کاکەڕەش**

ڕێبین هەردی

(هیچ کارەساتێک گرنگی پێنادرێت گەر ئەو نەتەوەیەی کە کارەساتەکەی بەسەردا هاتووە خۆی گرنگی پێنەدات. ئێمە دەبێ بەر لەهەرکەس لەخۆمان بپرسین ئایا لەبەرامبەر ئەنفالدا بێدەنگ نەبووین؟ ئایا هەستمان بەقولایی ئەو کارەساتە کردووە؟ بەرلەوەی بەرۆکی خەڵکی دی و لایەنی دی بگرین، نابێت لە خۆمان بپرسین ئەی ئێمە چیمان بۆ ئەنفال کردووە؟)

ڕێبین هەردی

پرسیار: ئەگەر بهاتایە ئەنفال لە وڵاتێکی ئیسلامیدا ڕوویندایەو هەروەها مانایەکی ئیسلامیشی پێنەدرایە، پێتانوابوو ئەنفال بتوانرایە نوقمی بێدەنگییەکی وابکرێت هەم لەلایان وڵاتانی دراوسێوە تا دەگاتە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکانی دنیا، ئەوسا وڵاتانی ئەوروپاش.

ڕێبین هەردی: گەلێک کارەسات لەناو کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا رویداوە و لەگەڵ ئەوەشدا توانراوە رەهەندێکی جیهانی پێبدرێت. هەر لەم مێژوەی ئێستادا قڕکردنی ئەرمەنەکان لەلایەن عوسمانیەکانەوە گرنگیەکی جیهانی وەرگرتوە. ئەوەی لە دارفۆردا رودەدات بووە بە شتێکی جیهانی وبەردەوام بەشێکی گرنگی سەردێڕی هەواڵەکانی داگیر کردووە.

تاوانکردن بەناوی دینەوە شتێکی تازە نیە و هیچکاتێکیش ئەم ناوە نەیتوانیووە سەرپۆشێک بۆ تاوانەکە دروستبکات. تاوانەکە چ پەیوەندیەکی بە دینەوە نیە تا رێگر بێت لە ناساندنی وەک تاوانێک. ئەم قسەیە لەکاتێکدا راست دەبوو کە خەڵکی بڕوایان بەوە کردبێت چ لەشکری بەعس لەشکرێکی دینیە و چ کوردەکانیش کافرن. وەلحاڵ جگە لە شوفینستە عەرەبەکان کەسێک نیە گومان لە موسڵمان بوونی کورد بکات تا ئەوەی قبوڵبێت کە ئەنفال هێرشێکی دینیە و دەبێت پشتگیری لێبکرێت.

زیاد لە هۆیەک هەیە وایکردووە ئەنفال چ لە کاتی روداني و چ دوای روودانیشی ئەو کاردانەوەیە دروستنەکات کە لە ئاستی قەبارەی کارەساتەکەدا بێت: ئەوەمان لەیاد بێت ئەنفال لەکاتێکدا رویدا کە بەعس لەهەرە بەهێزترین کاتەکانی خۆیدا بوو. بەعس وڵاتێکی وا شاراوە و دور لە راگەیاندن و هەواڵی دروستکردبوو کەتەنانەت شارەکانی عێراقیش هەواڵی شارێکی دیان نەدەزانی. عێراق بۆ زۆر کەس وڵاتێکی داخراو و نەزانراو و نەناسراو بوو. ئەو سەردەمە هێشتا ئەم لێشاوی گۆڕانە خێرایەی لە تەکنەلۆژیای پەیوەنیدا رویدابوو، ئەم ناوچەیەی نەگرتبۆوە. نە تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و نە کەناڵە ئاسمانیەکان بەو شێوەیە بڵاونەبوونەوە. وێنەی ئەنفال نەگیرا و لە دۆخێکدا رویدا کە ناوچەکە ئەم تەوژمی فرەیی ئامێرەکانی پەیوەندی بەخۆیەوە نەبینیی بوو. لەیادمان بێت تەنانەت لە عێراقی بەعسدا ئامێری تایپ بەیەکێک لە شتە قەدەغەکان دەزانرا و لەهەر ماڵێکدا ئەم ئامێرە بگیرایە، ماڵەکە توشی زیندانی و ئەشکەنجەی جۆراوجۆر دەبوون. بەعس سیاسەتێکی راگەیاندنی پەیڕەو دەکرد کە جگە لە دەنگی خۆی و هەواڵەکانی خۆی، رێگەی بە دزەکردنی هەواڵێکی

راستەقینەی وڵات نەدەدا. بەگشتی دەمەوێت بڵێم راستی بەهۆی سیاسەتی داخراوی بەعسەوە بۆجیهانی دەرەوە نەزانراو بوو. تەنانەت رۆشنبیرێکی وەک ئیدوارد سەعید سەرەتا کۆی ئەو قسانەی لەسەر تاوانەکانی بەعس دەکرا بە ناڕاست دەزانی و تەنها پاش روخانی رژێم و دەرکەوتنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دانی بەوەدا نا کە لەمبارەیەوە هەڵەی کردووە و ئەو راستیانەی نەزانییوە.

ئەمە جگە لەوەی بەعس لەکاتێکدا تاوانی ئەنفالی ئەنجامدا کە زوربەی وڵاتە رۆژئاواییەکان و تەنانەت دەوڵەتە ئیسلامیەکان، ئێران و راگرتنی ئەو تەژمە شۆڕشگێرانەی لە شۆڕشی ئێرانەوە دەیویست پەل بۆ دەوربەری بهاوێژێت، بە مەترسی یەکەم دەزانی و بەعسیشیان وەک بەرەبەستێک لەبەردەم ئەم تەوژمەدا تەماشا دەکرد. ئەم هەلومەرجە سیاسیە وایکردبوو زوربەی دەوڵەتەکانی ناوچەکە و رۆژئاوا گوێیان لەو راگەیاندنانە نەبێت کە بزوتنەوە نەیارەکانی بەعس لەملا و لا پەخشیاندەکرد.

بەڵام پاش روخانی رژێم و ئاشکرابوونی تاوانەکانی، ئەم هاوکێشەیە گۆڕا. هەر ئەوەندە بەسە بڵێین کێ دادگای تاونبارانی ئەنفالی کرد و توندترین سزای بەسەردا دان؟ دادگای عێراقی بە دادوەرە عەرەب و داواکاری گشتی عەرەبە موسڵمانەکانی عێراقەوە نەبوو کە حوکمی لە سێدارەدانی بۆ تاوانبارانی ئەنفال دەرکرد؟ کەوابوو ئەو قسەیە بەوردبین نابینم کە بێدەنگی لە ئەنفال و ئەو گرنگیپێنەدانە، هۆکاری دینی لە پشتەوە بێت.

تەماشاکا! هیچ کارەساتێک گرنگی پێنادرێت گەر ئەو نەتەوەیەی کە کارەساتەکەی بەسەردا هاتووە خۆی گرنگی پێنەدات. ئێمە دەبێ بەر لەهەرکەس لەخۆمان بپرسین ئایا لەبەرامبەر ئەنفالدا بێدەنگ نەبووین؟ ئایا هەستمان بەقوڵایی ئەو کارەساتە کردووە؟ بەرلەوەی بەرۆکی خەڵکی دی و لایەنی دی بگرین، نابێت لە خۆمان بپرسین ئەی ئێمە چیمان بۆ ئەنفال کردووە؟ ئایا ئەرکی کێیە ئەنفال بکاتە بەشێک لە یادەوەری جیهانی..کورد خۆی یان گەلانی دی؟ ئایا بەڕاست ئەنفال بەشێک لەیادەوەری ئێمەی دروستکردووە؟ دوو دەیە بەسەر ئەنفالدا دەڕوات و تا ئێستاش ئێمە سەرژمێرێکی کوژراوەکانمان لانیە. لەدوای کەوتنی سەدامیشەوە هەوڵێکی ئەوتۆمان بۆ دۆزینەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانیان نەداوە..بگرە لە دادگای ئەنفالدا کە بۆ یەکەمجارە قوربانیەکان قسە دەکەن هەوڵێکمان بۆ تۆمارکردنی ئەو ئازار و ئەشکەنجانە نەداوە کە قوربانیەکانی ئەنفال بە زمانی خۆیان دەیانگێڕایەوە.

پرسیار: ئەو هۆکارانە چین کە ئەنفال لە هۆشیارییەکی سیاسی سادەوە کە تەنها لە یادکردنەوەی سەرپێیانەی ساڵانەدا قەتیسبووە دەگوازێتەوە بۆهۆشیارییەکی کلتوری، لەو بێدەنگییەی کە خاوەنی قسەنییە دەگوازێتەوە بۆ بیرکردنەوەیەک بە دەنگی بەرز.
هەروەها ئەم بێدەنگییە چەند پەیوەندی بە کورد خۆیەوە هەیە، هەم لەئاستی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵگای کوردی بۆ ئەنفال و هەم لە ئاستی دەسەڵاتی کوردی خۆیدا؟

ڕێبین هەردی: لەو کەسانەم بڕوام بەوە نیە هۆی بێدەنگبوون لە ئەنفال ئەگەڕێتەوە بۆئەوەی کوردەکان خۆیان بەشێوەی جیاواز بەشداریان لە پرۆسەی ئەنفالدا کردووە. هەمیشە و هەموو کات و لەهەموو کۆمەڵگایەکدا کەسانێک هەن کە هاوکاری تاوانی رژێمە سیاسیەکانیان کردووە و هەرگیزیش ئەم بەشداریە نەبۆتە هۆی ئەوەی خەڵکی لەو تاوانانە بێدەنگ بێت. بگرە پێموایە ئەمجۆرە بەشداریەیە رووی دڕندانە و ترسناکی کارەساتەکە دەردەخات. ترسناکترین کارەساتەکان ئەو کارەساتانەن کە رژێمە دیکتاتۆر و دڵڕەقەکان خەڵکی ناچاردەکەن دژی خۆیان جەنگبکەن. کارەسات ئەوکاتە قوڵتر دەردەکەوێت کە رژێمەکان هێندە توقێنەر و ترسناکن کە خەڵک ناچاردەکەن کەسوکار و هاوڕێ و هاوڵاتیانی خۆیان بکوژن.

کەوابوو مەسەلەکە پەیوەندی بەم لایەنەوە نیە. دەبێ پرسیارەکە بەشێوەیەکی دی بکەین کە ئەویش ئەوەیە چکاتێک کارەساتێک وەک کارەسات لەبەردەم کۆمەڵگایەکدا ئامادە دەبێت و بەشێکی گرنگ لە هوشیاری

ئەخلاقی و سیاسی و کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێت. لە چ کاتێکدا کارەساتێکی وەک ئەنفال بەشداری لە دروستکردنی خەیاڵ و هوشیاری مرۆڤی ئێمەدا دەکات؟. سەرەتاترین وەڵام ئەوەیە هیچ کاتێک کارەساتێک وەک کارەسات نابینرێت گەر ئەو کارەساتە نەبوو بێت بە بەشێک لە رابردوو. من چەندانجار لەشوێنێکی دیدا گوتومە ئەوەی کارەساتێک دروستدەکات و دەیکاتە بەشێک لەزاکیرەی مرۆڤی ئێمە خودی رووداوەکە نیە، بەڵکو ئەو گێراناوانەیە کە لەرووداوەکەوە پێماندەگات. بەسەرهاتی ئەوکەسانەیە کە لە کارەساتەکەدا ژیان و تاڵی و ناخۆشیەکانیان بینی. بەڵام ئەمەش هەموو شتێک نیە، بەڵکو لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ ئارەزوووی بیستنێک هەبێت کە لەگەڵ گێرانەوەکاندا بژی و توانای بیستنی هەبێت. هیچ یەک لەمانەش روونادات گەر خودی کارەساتەکە نەبووبێتە بەشێک لەرابردوو. کارەساتێکیش نابێتە بەشێک لەرابردوو گەر ئەو کۆمەڵگایە دۆخی کارەساتاوی بەجێنەهێشتبێت و لایەنیکەمی ئارامی و هێمنی نەژی.

لە دوای راپەڕینەوە کۆمەڵگای ئێمە دۆخی کارەساتی بەجێنەهێشت. لەلایەک هێشتا سەدام حسین و رژێمی بەعس لەسەرکاربوون و هەرجارەو هەڕەشەی جۆراوجۆریان لە کوردستان دەکرد و بەمەش خەڵک هەمیشە لەدۆخێکی دڵەراوکێدا دەژیان، لەلایەکی دیشەوە و پاش ماوەیەک شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا بەهەموو ئەو برینە قووڵانەوە کە بەجێیهێشت. ئەم دۆخە وایکرد کوردستان و هاوڵاتیانی کوردستان هەرگیز ئەو دۆخی ئارامیە نەژین کە بتوانن ئاوڕ لە رابردوو بدەنەوە و بزانن چی تیا روویداوە. مرۆڤ توانای ئاوڕدانەوەی لەرابردوو نابێت، گەر لە ئێستا و داهاتووی دڵنیا نەبێت. دەمەوێت بڵێم تەنها کاتێک دەتوانین هەست بەو میحنەت و کارەسات و تاوانانە بکەین کە خەڵکی لە رابردودا تیایی ژیاوون کە خۆمان ئەو دۆخەمان بەجێهێشتبێت. ژیانێکی ئاسودە و دور لە دڵەراوکێ بژین کە تیاییدا بەراستی هەست بە لەزەتی ژیان بکەین. بە بێهەستکردن بە لەزەتی ژیان، ئەستەمە لە میحنەتی ئەو کەسانە تێبگەین کە لێی مەحرومکران. وەلحاڵ لە کوردستانی دوای راپەڕیندا ئەم دۆخە ئارام و ئاسودەیە هێشتا بەدەست نەهاتووە.

بەدەربڕینێکی دی وەک لە شوێنێکی دیدا گوتومە ئەنفال هێشتا رووداوێکە تێنەپەڕیوە و نەبۆتە بەشێک لە زاکیرەی کوردی. ئەم رووداوە گەرچی لەمێژوودا رویداوە، بەڵام تاهەنوکەش لە هوشیاری مرۆڤی ئێمەدا بەتەواوی روینەداوە. هەموو ئەمانە وایکردووە ئەنفال یتر لە هوشیاری نوخبەیەکی سیاسی و رۆشنبیریدا ئامادەی هەبێت و نەبوبێتە بەشێک لە خەیاڵ و هوشیاری مرۆڤی ئێمە.

پرسیار: ئەو پێشنیارە تایبەتیانەی ئێوە چین، بۆ ئەوەی ئەنفال وەک کارەساتێکی سیاسی مێژوویی لە یادەوەری ئینسانی کوردا بەچەشنێک بمێنێتەوە کە هەمیشە جێی ئاوڕدانەوەو قسەکردنبێت لەسەری لەلایەن ئەو نەوانەی کە لەدوارۆژی کۆمەڵگەی ئێمەدان؟

ڕێبین هەردی: گرنگترین شت ئەوەیە جارێ هەموو ئەم شتانە لەبیربکەین. کردنی ئەنفال بە بەشێک لەیادەوەری پێویستی بە سیاسەتێکی جیاواز لە و سیاسەتی راگەیاندنە هەیە کە هێزە سیاسیەکانی کوردستان پەیڕەوی دەکەن. کێشەکە پەیوەندی بە یادکردنەوەی ساڵانەو ئاهەنگی پرسە و نمایشی دیکۆمێنتەکانی کارەساتەکەوە نیە وەک راگەیاندنی رەسمی تێیگەیشتووە. دواشت پێویستمان پێبێت ئەو رۆحی پرسەیەیە کە لە ساڵیادی ئەنفالدا راگەیاندنی فەرمی داگیردەکات. بەڵکو کارێکی ستراتیژیتر و زیندوترمان پێویستە تا ئەو رۆحی هاودەردیە زیندوبکەینەوە کە رابردوو بە ئێستا و داهاتووەوە گرێدەدات.

ئەو دۆخە سیاسیە پڕ کارەساتەی کوردستان لەناوەڕاستی سەدەی رابردووەوە لەناویدا دەژی، تەنها کارەساتی سیاسی نەبون و تێپەڕین. بەڵکو ئەو هەوراز و نشێوانە کاریگەری سایکۆلۆجی جیاوزای بەجێهێشتوە کە بۆتە هۆی وێرانبونی ژیانی رۆحی مرۆڤی ئێمە. کۆمەڵگایەک ژیانی بەردەوام پڕ بووە لە چیرۆکی جەنگ و خیانەت و ناپاکی و کوشتنی بەکۆمەڵ، ئەستەمە بتوانێت بە بێ کۆمەڵێک کێشەی سایکۆلۆجی لەم ئەزمونە تاڵە بێتە دەرێ. لەهەمووی ترسناکتر لەدەستدانی توانای هاودەردیە. کاتێک مرۆڤەکان خۆیان هەست بەمەترسی لەسەر

ژیان و داهاتووی خۆیان بکەن، ئەستەمە بتوانن هەست بە هاودەردی لەگەڵ کەسانی دیدا بکەن.
ئەمە جگە لەوەی ئەم مێژووە سیاسیە پڕبوو لە ناکۆکی ناوخۆیی کە چەندانجار هێزە سیاسیە جیاوازەکانی بەرەو شەڕی ناوخۆ بە هەموو پێشهاتە کارەساتئامێزەکانیەوە راکێشا. کە شەڕی ناوخۆش هات هێزەکان بۆ دژایەتی یەک هەموو سنورەکان رێگەپێدراو و چاوەڕوانکراویان تێپەڕاند و گەیشتنە ئاستێک لە دژایەتی کە هیچ بەهایەکی نەتەوەیی و نیشتیمانی تیا رەچاو نەکرا. ئەم دژایەتیە لەئاستی سیاسیە و دابەزیە ناو خانە کۆمەڵایەتیەکان و خەڵکی کوردستانی بەجۆرێکی کوشەندە لەناوەوە پارچە چارچە کرد. هەستی ئینتیما بۆ نەتەوە لەبەردەم هەستی ئینتیما بۆ حزیبە سیاسیەکاندا پاشەکشێیکرد و هەموو ئەمانەش یەکپارچەیی کۆمەڵگای ئێمەی خستۆتە مەترسیەکی راستەقینەوە. ئەزمونی شەڕی ناوخۆ راستیەکی تاڵی بۆ سەلماندین: کۆمەڵگای ئێمە زۆر دڵرەقترە لە روبەروبونەوەی نەیاری ناوخۆدا پتر لە روبەروبونەوە لەگەڵ دوژمندا.
هەموو ئەم هەلومەرجە کۆمەڵگایەکی ناتەبا و ناڕێک و دور لەیەکی دروستکردووە کە لایەنیکەمی پەیوەندی لەنێوانیدا نیە. کۆمەڵگایەکیش هەنوکەی پڕ بێت لەم هەموو دابڕان و رق و دوریە، ئەستەمە توانای هەستکردن بەکارەساتێکی رابردوو کۆی بکاتەوە. کەوابوو بەر لەهەر شتێک پێویستمان بە بنیاتنانەوەی ئەم مرۆڤە هەیە. پێویستمان بەکۆتایهێنان بەم دابەشبوون و دژایەتی و پارچە پارچە بوونە هەیە کە لایەنیکەمی هاودەردی لەنێوان بەشەکانیدا نیە. کارێک کە دەبێت بیکەین پەیوەندی بە بنیاتنانی ئێستاوە هەیە لەسەر نەخشەیکی تەواو جیاواز لەو نەخشەیەیی ململانێی سیاسی و جەنگ و کوشتار دروستیکردووە. پێویستمان بە گێڕانەوەی متمانەی مرۆڤی ئێمە هەیە بۆ ژیان و داهاتوو.. پێویستمان بەدروستکردنی ژیانێکی ئارام و هێمن و تەبایە کە کەس تیاییدا ئارەزوی مردنی ئەویدی نەکات کە لەوناچێت یان هەڵبژاردنێکی دی هەیە. هیچیەک لەم شتانەش رونادەن گەر کۆتایی بەم سیستەمە حیزبۆکراتیە نەیەت کە کۆمەڵگای ئێمەی وەک کۆمەڵێک دوژمنی سیاسی لەبەرامبەر یەکدا داناوە.
گەر دەمانەوێت ئەنفال بەشێک بێت لە خەیاڵی مرۆڤی ئێمە پێویستە هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بخولقێنرێت کە لایەنیکەمی خوشنودی و بەختەوەری و دادپەروەری بە مرۆڤەکانی ببەخشێت. تا ژیانی رۆحی ئەم کۆمەڵگایە کە جەنگ و کشوتار و ناپاکی وێرانیکردووە، رێک نەکەینەوە، ئەستەمە بتوانین داوای لێبکەین ئەنفال بەشێک لە زاکیرەی پێکبهێنێت. هەرچی جوانکردنی ئێستا و بەنرخکردنی ژیان و سەروەری بەختەوەری، نەک پرسەی ساڵانە و یادی سیاسیانە، ئەو ستراتیژەیە کە دەبێ پەیڕەو بکرێت تاکو ئومێدمان بەرۆژێک بێت کەبەراستی ئەنفال ئەم کۆمەڵگایە لەناوەوە دەجوڵێنێت.

پرسیار: ئایا ئەدەبی کوردی بە تەعریفە جیاوازەکانی ئێوەوە بۆ ئەدەب چەند بەرپرسیارە لەبەردەم بیرنەکردنەوە لە ئەنفال؟.

ڕێبین هەردی: کاتێک ئەنفال نەبوبێتە بەشێک لە یادەوری مرۆڤی ئێمە، چۆن دەتوانێت ببێت بە بەشێک لە ئەدەب. ئەدەبی ئێمە هەرگیز لە کێشە و گرفتە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگای ئێمەوە دور نەبووە و پەیوەندیەکی تەنگاوتەنگی بەو هەلەمەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە هەبووە کە لەناویدا ژیاوە. سەردەمێک ئەدەب چەکی بەرگری خەڵکی کورد بوو لە زمان و شوناسی خۆی لەلایەک و سەکۆی هاندانی گیانی بەرگری بوو لەبەردەم دوژمناندا لەلایەکی دیەوە. لەدوای راپەڕینیشەوە کە واچاوەڕواندەکرا ئەنفال بەشێکی گرنگ لە خەیاڵی هونەری ئەدەبی کوردی پێکبهێنێت و ئاوڕی لێبداتەوە، نوسەرانی ئێمە روبەڕووی ململانێیەکی حیزبی توند بونەوە کە بە شەڕی ناوخۆ گەیشت. گەر بگەڕێیتەوە بۆ ئەوکاتە دەبینیت زوربەی کارە ئەدەبیەکانی ئەو ماوەیە بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندی بەشەڕی ناوخۆوە هەبووە. شیرکۆ بێکەس کە بەر لە راپەڕین دەربەندی پەپوولەی وەک پانۆرامای یەکگرتووی ئازارەکانی کورد نوسیبوو، لەدوای راپەڕین "خاچ و مار و رۆژژمێری شاعیرێکی نوسی" کە سەر لەبەری دادگایکردنی ئەو دژایەتی و کەرتبوونە ناوەکیە بوو کە

کوردستانی خستبووه بەر گەورەترین مەترسی. تەنانەت ئەدەبی شێرزاد حەسەن کە تا بەرلە راپەڕین لەسەر تاکەکەس و حەز و ئارەزووەکانی کاریدەکرد و بەمەش دەنگێکی تایبەتی بۆ خۆی دروستکردبوو، لەدوای راپەڕینەوە زۆرینەی چیرۆکەکانی بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیان بەم ناکۆکی و دژایەتیانەوە هەبوو..حەسار و سەگەکانی باوکم، کەڵەکێوی و ئاسکە کچان بەشێوەیەک لە شێوەکان چیرۆکی ناتەبایی و نایەکانگیری کۆمەڵگای کوردیان لەدوای راپەڕینەوە دەگێڕایەوە. بەختیار عەلی لەهەردوو رۆمانی ئێوارەی پەروانە و دوا هەناری دنیادا ئەم ناکۆکیەی کردبووە شانۆی هەردوو رۆمانەکەی کە پاڵەوانەکانی دۆخێکی تراژیدی دەژیان و بەکارەساتیش کۆتاییان پێدەهات.

رەنگە هەنوکە و ئێستا کە دادگای سەدام حسین و دارودەستەکە لەسەر روداوەکانی ئەنفال تەواو بووە، ئێمە بۆ یەکەمجار بتوانین گوێبیستی ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانە بین کە بەشداربوانی کارەساتەکە دەیگێڕنەوە. ئێستا خەریکە بەراستی گوێمان لە بەسەرهاتەکانی ئەنفال دەبێت و لە هەقیقەتی کارەساتەکە تێدەگەین. پڕ ئاشکرایە لەدۆخێکدا کە هێشتا ئەنفالەکان خۆیان نەکەوتونەتە قسە و هەموو بەسەرهاتەکانی خۆیان نەگێڕاوەتەوە، ناتوانین قسە لە کارەساتەکە خۆی بکەین، چ بگات بەوەی قسە لە کاردانەوەی لەسەرئەدەب. بۆ ئەوەی ئەم راستیەش ببینین هەرئەوەندە بەسە بڵێین روداوەکە لەسەر رۆژمێری مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هەشتاکان، بەڵام دەرکەوتنی راستەقینەی لەئەدەبدا دەگەڕێتەوە بۆ 2004 و 2006 بەتایبەتی هەر دوو بەرهەمی گۆڕستانی چراکانی شێرکۆ بێکەس و شاری مۆسیقارە سپیەکانی بەختیار عەلیدا. واتە پاش پتر لە 15 ساڵ لەرودانی کارەساتەکە. بەدیاریکراویش دوایی کۆتایهاتنی شەڕی ناوخۆ و کەوتنی رژێمی بەعس. ئەمە ئەو راستیە دەسەلمێنێت کە پێشتر نوسیم: کۆمەڵگایەک بۆ ئەوەی بتوانێت لەسەر کارەساتێکی رابردووی خۆی قسە بکات، دەبێت لایەنیکەم دۆخێک بژی کە خۆی دوربێت لەروداوی گەورە و ترسناکەوە. راستت بوێت ئەدەب تاکە رزگارکەری راستەقینەی مرۆڤە لە بێپەروایی و بێهودەیی. ئەدەبە وامان لێدەکات مرۆڤانەتر و قوڵتر لە ژیان و کارەساتەکانی بگەین. ئێستا دەبێت بۆ وەلامەکانی سەرەوەم ئەم خاڵە زیاد بکەم، ئەنفال هەرگیز ناتوانێت ببێت بە بەشێک لەزاکیرە و خەیاڵی ئێمە گەر نەبێتە ئەدەب. کاریگەری شاری مۆسیقارە سپیەکان و گۆڕستانی چراکان دەیانجار لەکاریگەری ئەو دۆکۆمێنت و ساڵیادانەی پرسە گرنگترە کە بۆ ئەنفال ساز دەکرێت. کارەساتەکان بۆئەوەی کاریگەری لەسەر هوشیاری مرۆڤ بەجێبێڵن پێویستیان بە ئەدەب دەیانجار زیاتر لە زانستی مێژوو هەیە. چونکە مێژوو دەتوانێت تەنها ساڵی تاوانەکە و روبەرەکەی و هۆکانی و دەرئەنجامە سیاسیەکانی بڵێت، بەڵام تەنها ئەوە ئەدەبە ئەم راستیە مێژویانە دەکاتە خوێن و ئیسقان و لەتراژیدیای پاڵەوانەکانیدا پیشانیدەدات. مێژوو بێرۆحە گەر ئەدەب بەرگی مرۆڤی راستەقینەی لەبەرنەکات و بەرووداو و بەسەرهاتە جۆراوجۆر و وردەکاریەکانی ژیاندا نەیبات. ئەمەش خۆی جیاوزای گێڕانەوەی مێژوو و ئەدەبە. لەکاتێکدا مێژوو سەردێڕە گەورە و دیارەکانی بۆ گرنگە، ئەدەب وردەکاریەکان و نمایشکردنەوەی روداوەکەی لە پێچ و پەناکانی ژیاندا بۆ گرنگە. هیچ کارەساتێک ناتوانێت ببێتە کارەساتێک کە بەشێکی گرنگ لە خەیاڵ و هەستیاری مرۆڤەکان پێکدەهێنێت، گەر نەبێتە ئەدەب و هونەر.

بەڵام هەرگیز ئەدەب ناتوانێت بەشێک نەبێت لە ژیان و بەشێوەیەک لە شێوەکان کاری تێنەکات. نوسەران ناتوانن هەمیشە ئاوڕ لەدواوە بدەنەوە گەر ئێستایان پڕ بێت لە سەدان ناشرینی و ناپاکی و نادادپەرەری. ئەدەبی ئێمە گەر کەم قسەی لە ئەنفال کردووە، لەبەرئەوەیە سەرقاڵی ئەو میحنەتانەیە کە نەوەکانی ئەنفال لە هەنوکەدا تیای دەژین. کەوابوو بۆ ئەدەبیش هەمان ئەو قسەیە راستە کە پێشتر لەبارەی هۆکاری فەرامۆشکردنی ئەنفالەوە گوتمان.

پرسیار: ئایا ئاستی ئەو ترسە شاراوەیەی لای ئینسانی کورد هەیە بەرامبەر کوردبوونی خۆی، ترسێکە خاوەنی هێزێکی رۆشنبیری وایە کە بتوانێت لە بری تۆڵە خۆی بکات بە هێزێک کە هەڵگری لێبوردن بێت. ئایا ئەم هێزە چەند دەسەڵاتی کوردی لێی بەرپرسیارەو و

چەندیش کۆمەڵگەی کوردی و ڕۆشنبیرەکانی بەرپرسیارن لە پیشاندانی؟

ڕێبین هەردی: بیرۆکەی تۆڵە لای هیچ مرۆڤێک پاشەکشێ ناکات، گەر کۆمەڵێک دەزگا نەبن کە وای لێبکەن پێویستی بە بیرۆکەی تۆڵە نەبێت. بیرۆکەی تۆڵە نائومێدبوون یان نەبوونی ئەو دەزگایانەیە کە دەتوانن لایەنیکەمی ڕێکخستن و دادپەروەری بسەپێنن. ناتوانین بە ئامۆژگاری و بیرۆکەی پەروەردە پاشەکشێ بە لۆژیکی تۆڵە بکەین. ناتوانین ستەملێکراوێک بە ئامۆژگاری و بانگهێشتکردنی بۆ لێبوردن رابکێشین، لەکاتێکدا ستەمکار بە ئازادانە دەژی و هیچ پرسیارێکی لێناکرێت. کێشەکە پەیوەندی بەکاری ڕۆشنبیری و کەمتەرخەمی ڕۆشنبیرانەوە نیە، بەڵکو پەیوەندی بە نەبوونی ئەو دەزگا ڕەسمیانەوە هەیە کە ئەرکی جێبەجێکردنی دادپەروەریان لەسەر شانە. مرۆڤ ناتوانێت بە گیانێکی مەسیحیانە واز لە مافەکانی بێنێت و بڵێت من دەتوانم لە تاوانبارەکەم ببورم. بیرۆکەی لێبوردن تەنها لەکاتی بەهێزیدا مانای هەیە. مرۆڤێکی بێهێز و بێدەسەڵات ناتوانێت ببورێت و ئەوی مافەکەی خواردووە بە ئازادانە بژی. گەر دەزگا گەلێکیش نەبن بتوانن ئەم مافەی بۆ وەربگرن، ناتوانێت واز لە بیرۆکەی تۆڵە بێنێت. کەوابوو زاڵبوونی بیرۆکەی تۆڵە پەیوەندیەکی تەنگاو تەنگی بە نائومێدبوون وبڕوا نەبوون بەو دەزگایانەوە هەیە کە بڕیارە جێگەی وەرگرتنەوەی ماف بن. تا بێهێزی و بێدەسەلاتی خەڵکی ئێمە بەردەوام بێت و دەزگاگەلێکی ڕەسمیش نەبن بەڕاست جێگەی وەرگرتنەوەی ماف بن، بیرۆکەی تۆڵە بەشێوەی جیاواز بەردەوام دەبێت. هەستکردن بە بێهێزی و بێدەسەڵاتی خەڵکی ئێمەش، هێزە سیاسیەکان بەرلەهەر کەسێکی دی لێی بەرپرسیارن. خەڵکی ئێمە هەرگیز هەست بە بوونی خۆی لە هیچ شتێکدا ناکات. ئەو لەبەردەم ماشێنی حیزبدا هەمیشە خۆی بەلاواز بینیووە و هەرگیز هەستینەکردووە، دەنگ و رای ئەو لە وڵاتدا گرنگ و جێی بایەخە. وڵات بە دەست لێپرساروانێکەوەیە کە لە ژیانی ئەوەوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دوردەکەونەوە و هەستناکەن چیدی بەشێکن لێیان. نەچوونی خەڵکی بۆ سندوقەکانی دەنگدان بە ئاشکرا ئەم هەستی لاوازی و بێدەسەڵاتیە دەردەخات. خەڵک ناچێت بۆ دەنگدان چونکە بڕوایوایە دەنگی ئەو هیچ نیە و حسابی بۆ ناکرێت. شتەکان لەنێوان بەرپرسیاراندا بەشکراوون و ئەم هیچی لەسەر نیە جگە لە رازیبوون. کە هەست بەلاوازی و بێدەسەلاتیش گەورەبوو، هەمیشە بیرۆکەی تۆڵە ئامادە دەبێت.

بێدەسەڵات و لاواز کە لێبورد لەراستیدا نەبوراوە بەڵکو ترساوە، کە دەسەڵاتدار و بەهێزیش نەبورا واتە شتێکی ئەخلاقی لە دەستداوە. خەڵکی ئێمە بۆ ئەوەی توانای لێبوردنی هەبێت، دەبێت هەست بە بەهێزی و دەسەڵاتدارێتی بکات و خۆی بە خاوەنی خۆی بزانێت. ئەوسا دەتوانێت ڕۆحی مرۆڤانە لە خۆیدا زیندوو بکاتەوە و بە ئاسودەییەوە لەزەتی لێبوردن تاقیبکاتەوە.

پرسیار؟ بۆ دەبێت هەمیشە چاوەڕوانییەکی گەورە لە ئەدەب بکرێت بۆ گێڕانەوەی کارەساتە گەورەکانی مرۆڤایەتی؟ ئەم هۆی چاوەڕوانییە لە کوێوە هاتووە و چۆن لای مرۆڤ دروستبووە؟
ئەی گەر وایە بۆ ئێمە لە ئەدەبی کوردیدا بەرهەمی داهێنەرانە هەر زۆر کەمدەبینین لەبەردەم کارەساتێکی گەورەی وەک ئەنفالدا؟

ڕێبین هەردی : پرسیارەکە پێچەوانە بکەینەوە. ئایا جگە لەئەدەب و هونەر هیچ شتێکی دی دەتوانێت گوزارشت لە ئەنفال بکات؟ زۆرینەی کارەساتەکانی دنیا بە پلەی یەکەم لەرێگەی ئەدەبەوە گوزارشتیان لێدەکرێت، نەک لەرێگەی هیچ شتێکی دیەوە. دەشێت زانستی مێژوو زانینی وردمان لەسەر ڕوداوەکە و کاتی ڕودانی و بکەرەکانی و جوگرافیایی کارەساتەکەی تیا ڕودا، پێشکەش بکات، بەڵام مومکین نیە ئەو ئازار و ئەشکەنجە فەردی و تایبەتیانە وێنا بکات کە کەسە تایبەتەکان لەناویدا ژیان. مومکین نیە ئەو ڕۆحە پڕ ئازار و ئەو گریان و هاوار و ئەشکەنجانە دەربخات کە بەشداربوانی کارەساتەکە هەستیان پێکرد. زانستی مێژوو پێماندەڵێت کیمیایی چۆن و لەکوێ و لەلایەن کێوە بەکارهێنرا و چ کەسانێکی بەرکەوت، بەڵام تەنها ئەدەبە

دەتوانێت بۆ نمونە لە کەسایەتیەکی منالی وەک سەریاسی سێهەمدا و هەموو دانیشتوانی خەستەخانەکەی ناو دواهەناری دونیادا، وێنای ئەو کارەساتە رۆحیە بکات کە بریندارانی کیمیایی توشی دەبن. مێژووی پێمان دەڵێت ئەنفال کەی و لەرێگەی چ لەشکرێکەوە دەستپێکرد و چەند دێ و و گوندو ناوچەی وێرانکرد، بەڵام تەنها ئەوە ئەدەبە لەرێگەی بۆ نمونە کەسایەتیەکی وەک جەلادەتی کۆتر و دالیا سەراجەدینەوە، دەتوانن ئەو دۆخە کارەساتاویە مەعنەویەمان پیشانبدات کە مرۆڤەکان بەسەریاندا دێت. دەشێت مێژوو ژمارەی کوژاروەکانمان پێبلێت، بەڵام تەنها ئەوە لە گۆڕستانی چراکاندایە ئەو ژمارەیە لە ژمارەیەکی حسابی روتەوە، دەبێت بە ژمارەیەک رۆح و گیانمان دەهەژێنێ. بەمانایەکی دی مێژوو روداوەکانمان لە دەفتەر و ئەرشیفێکدا بۆ تۆماردەکات، بەڵام تەنهائەوە ئەدەبە ئەو روداوە لە رۆحماندا نەک لەناو پەڕە و ئەرشیفدا بۆ تۆماردەکات. واتە ئەوە ئەدەبە مێژوو لە پێدراوێکی بابەتیەوە دەکات بە پێدراوێکی رۆحی کە کار لەسەر پێکهاتنی ئاسۆی هوشیاریمان دەکات. ئەوە ئەدەبە رێگە نادات مێژوو ببێت بە مێژوویەک بۆخۆی و دەیکات بە مێژوویەک بۆ ئێمە و رۆحی ئێمە. بێ ئەدەب و هونەر مێژوو پێدراوێکی بێ گیان و رۆحە کە وەک وانەی قوتابخانە دەشێت لەبەری بکەین، بەڵام بی ئەوەی ببێت بە بەشێک لەهوشیاری و پێکهاتن و کاملبوونی رۆحی ئێمە. مێژوو بۆئەوەی ببێت بە بەشێک لەپێکهێنەری هوشیاری مرۆڤ، هەمیشە پێویستی بەئەدەبە بۆئەوەی بتوانێت لە رۆژمێرە بابەتیەکانی خۆیەوە، ببێت بە رۆژمێرێک لەناو گیان و هوشیاری مرۆڤدا.ئایا ئێستا دەتوانین بلێن کزی زاکیرەی مێژووی کورد، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەم مێژووە بەهەموو روداوە ناخۆشەکانیەوە هاودەمی ئەدەب و هونەرێک نەبووە کە خەیال و ئاسۆی هوشیاریمان پێکبهێنێ؟ نازانم! بەڵام دەزانم هیچ کارەسات و روداوێکی مێژووی بەبێ ئەدەب و هونەر ناتوانێت رۆح و عەقلیەتی ئەو مرۆڤانە بگۆڕێت کە ئەو مێژووە ژیان یان دەژین.